KARWAN No. 40 JANUARY 1986

# خواڵی خۆشبوو

چیرۆکی

گی دی مۆپاسان

ئارام قەرەداغی

لەئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی

وەک شیت خـوشم دەویست . شتێکی سەیـرە ، بۆچی یەکێکمان خۆش دەوێ ؟ لە هەموو جیهاندا چاوت تەنیا یـەک ئافەریدە ببنێت ، لە مێشکتدا تەنیا کەڵکەڵەی یـەک خەیـاڵت هەبێ ، لە دڵتدا یەک حەزو لەسەر لێوانت تەنیا یەک ناو ! ناوێک کە یەکرێ بەسەر دەمتەوەیەو وەک هەڵقـوڵانی کانی یـەک لە سەرچاوەوە ، بەردەوام لە ناخی گیـانتەوە قـوڵپ دەدات و بە درێژایی رۆژ لە هەمووو جێگایەک وەک دووعا لە بـەرخۆتـەوە دەیڵێتەوە .

پێویست ناکات چیرۆکەکەمان بگێڕمەوە ؛ خۆشەویستی هەمیشە هەمان چیرۆکی هەیە ، یەک چیرۆک و هیچی‌تر - بینیم و خۆشم ویست و هەرئـەوەندە . سـاڵیکی رەبەق لە سـایەی ئـەوینی ئەودا ژیـام ، لە ئامێـزیـدا ، لە نـازیـدا ، لە نیگـاو وشەکانیدا نوقم‌بووم ، پێچرابوومەوە بە بەرگێک کە بەشێک‌بوو لەو . وام لێ‌هاتبوو نەم دەزانی رۆژە یان شەوە ، زیندووم یان مردووم ، ئاخۆ ، لەسەر ئەم زەمینە یان لە دنیایەکی‌تر دەژیم .

کەچی مرد ، چۆن ؟ نازانم ، ئاگاداری نیم ، ئێوارەیەک باران لێی دابوو ، بۆ سبەینی تووشی کۆکـەبوو و لە جێگـادا کەوت ، هەفتەیەک مـایەوە . چی ڕوویـدا ئێستاش نـازانم .

دوکتـۆر هـاتن دەرمـانیـان نـووسی ، رۆیشتن . ئـافـرەتێـک دەرمانەکانی دەدایە . دەستی گەرم داگیرابوو ، ناوچـەوانی گەرم و ڕەش ببۆوە ، چاوەکانی گەش و غەم لێ نیشتووبوون .

قسەم لەگەڵ دەکرد ، وەڵامی دەدامەوە ، باسی چیمان‌کرد ؟ بیرم نایە ، هەموویم بیر چۆتەوە، هەر هەمـووی . مرد ! بـە زەحمەت دوا هەناسەی دێتە یادم - هـەناسـەیەکی تـەنگی لاواز . سستەرەکە وتی ئاخ ! ئیتر هەموو شتێ تێگـەیشم ، تێگـەیشتم ، لەوساشـەوە سەرم لە هیـچ دەرنـەکـردووە .

قەشەیەکم دی باسی (خانمەکـەت)ی بۆ دەکـردم ، لام وابوو قسەی پێ دەڵێ دەرم کرد مادام مردووەکـەس هەقی ئەوەی‌نیـە



بەینی من و ئەو بزانێ . یەکیکی ترهات ، پیاوێکی تا بلێی چاك و ڕوح سووك بوو ، کە باسی ئەوی بۆ کردم گریام .

هەزارەها پرسیاریان لە بارەی دەستووری ناشتنیەوە کرد ، ئێستا نازانم چی بوون . بەڵام تابووتەکەم لەبیرە - زرمەی چەکوشەکە کاتی دوای ئەوەی لاشەکەیان تێ خست بزمارەکانیان پێدا دادەکوتا . ئاخ خوایە !

ناشتیان . ناشتیان . ئا لەو کونەدا ! چەند کەسێك ، هاوڕێیەك هاتن ، بەڵام من بۆی دەرچووم ، ڕام کردە سەر شەقام و ماوەیەکی زۆر خولامەوە ، دوایی چوومەوەماڵەوەو ڕۆژی دوایی سەری خۆم هەڵگرت .

دوێنێ هاتمەوە بۆ پاریس . کاتێ ژووری نووستنەکەیم بینی ، ژووری نووستنەکەمان ، پێخەفەکەمان ، شتومەك و هەموو خانووەکە هێشتا ئەو ڕەنگە مردووانەیەی لێ نیشتبوو کە لە مەرگ بەجێدەمێنێ . بەجۆرێك خەفەت دایگرتم ئەوەندەی نەمابوو لە پەنجەرەیەکەوە خۆم بهاومە سەر شەقامەکە ، نەمدەتوانی چیتر لە ناو ئەم شتانەدا بمێنمەوە . ئەو دیوارانەی لە باوەشیان گرتبوو کە هێشتا ڕەنگە لە پێچ و درزە هەست پێ نەکراوەکانیاندا هەزارەها ئەتۆمی وجودو گۆشت و هەناسەی ئەو حەشار درابێ .

شەپقەکەم هەڵگرت ڕابکەمە دەرەوە ، لە پڕێکدا گەیشتمە لای دەرگاکە ، بەبەردەم ئاوێنە گەورەکەی هۆڵەکەدا تێ پەڕیم ، ئەو ئاوێنەیەی داینابوو تا هەموو ڕۆژێك پێش چوونە دەرەوە ، لە تەوقی سەرەوە تا قولە پێ لە خۆی ورد ببێتەوە ، جوانی توالێت و پێڵاو وشەپقەکەی تازە بکاتەوە .

وەك مردوو لە بەردەم ئەم ئاوێنەیەدا ڕاوەستام کە جارەها وێنەی ئەوی پیشان داوە جارەها ، کە دەبێ ئێستا وێنەیەکی بۆ خۆی هەڵگرتبێ . وەستام ، دەلەرزیم ، چاوم

بڕیبووە ئاوێنەکە ، قووڵایی ئاوێنەی ئێستا بەتاڵ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە جوانی ئەو پڕ ببوو وەك نیگای شێتانەی من ئەویش ئەوسا خاوەنی هەموو وجودی ئەو بوو . هەستم کرد ئاوێنەکەم خۆش دەوێ ، دەستم لێدا ، ساردبوو . ئاخ! یاد ، یاد! ئاوێنەی خەفەتاوی زیندووی ترسناك ، سەبەبکاری هەموو ناخۆشی‌یەکانمان ! ئای کە بەختەوەرە ئەو کەسەی دڵی وەك ئاوێنە وێنەی تێدا دروست دەبێ‌و دەکوژێتەوە ، ئەوەی تیایدایە ، ئەوەی لەبەردەمیدا ڕووی داوەو هەرچی‌یەك سەیری کردووەو لە خەیاڵیدا ڕەنگی داوەتەوە ، هەمووی بیردەچێتەوە ! ئای کە ئازارم چەشت .

چوومە دەرەوە ، بێ ویستی خۆم ، بێ‌ئەوەی خۆشم بزانم یان بمەوێ بەرەو گۆڕستان کەوتمە ڕێ . گۆڕە بچکۆلەکەیم دۆزیەوە ، خاچێکی مەرمەڕو ئەم دوو سێ‌وشەیە « خۆشی دەویست ، خۆش ویسترابوو ، مرد ! »

لەوێدایە ، لەم ژێرەدایە ، دەڕزێ ! خوایە ! کەوتمە هەنسك دان‌و سەرم نا بە زەویەکەوە . بەو جۆرە ماوەیەکی زۆر مامەوە تاشەو داهات ، ئەوسا حەزێکی کێوی‌یانەو سەیر سواری سەرم بوو ، خولیای ئەویندارێکی نائومید . ویستم شەو لە نزیکیەوە بەسەر بەرم ، دوا شەو تێر لە سەر گۆڕەکەی بگریم . بەڵام لەوانەیە بم‌بینن‌و دەرم بکەن . چی بکەم ؟ هەستام بیرم لەم شاری مردووانە کردەوە ، گەڕام . گەڕام .

ئای ئەم شارە چەند بچووکە لە چاو شاری زیندوواندا ، کە چی مردووان ئیجگار لە زیندووان زۆرترن ، ئەو چوار نەوە زیندووەی کە لە هەمان کاتدا دەژین ، پێویستیان بە خانووی بەرزو شەقامە ، بە ڕووناکی ڕۆژ شادن ، ئاوی کانی دەخۆنەوە ، شەربەتی مێوژو نانی کێڵگە دەخۆن کەچی هەزارەها نەوەی مردووان ، بە جۆرەها پلەو پایەوە ، لەسەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ تەنیا هیچیان بەسە ، تاقە کێڵگەیەك کە ئەویش هیچ نیە . زەوی بەخێر هاتنیان دەکات ، لەبیر دەچنەوە بە دوعا !

لەو پەڕی گۆڕستانە تازەکەو.گەیشتمە گۆڕستانێکی کۆن کە تیایدا مردووانی ساڵەهای ڕابوردوو تۆزیان تێکەڵ بە خۆڵ بووە ، ئەوانەی خاچەکانیان نەماون‌و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مردووی تازە لە جێیان دەنێژرێن گوڵە کێوی‌و درەختی سەرووی بە ئاسماندا چووی ڕەش داگەڕاوی بە گۆشتی مرۆڤ گەشە کردوو باخێکی غەمناکی جوانی لە گۆڕستانەکەدا پێك هێنابوو .

تەنیا بووم ، تەواو تەنیا بووم ، لە پشت دەرختێکی سەوزەوە خۆم مات‌داو لە ناو گەڵا ڕەشە چڕەکەیدا خۆم شاردەوە . خۆم توند کردبوو لە قەدی درەختەکە وەك چۆن زەلامێکی کەشتی نوقم بوو خۆی بە تەختە دارێکەوە گیردەکات .

چاوەڕێم‌کرد تا شەو داهات و تەواو تاریك بوو ، ئەوسا ئەوێم بەجێ‌هێشت‌و وردە وردە بەهەنگاوی هێواش‌و خامۆش بەسەر ئەو زەوی‌یەدا ، ئەو زەوی‌یە پڕ مردووەدا ، گەڕام ـ زۆر گەڕام ، ئێجگار زۆر ، گۆڕەکەیم نەدۆزیەوە .

دەستم درێژ کردبوو ، چاوم زەق کردبۆوە ، لە کێڵ‌و بەردەکان هەڵ دەکەوتم ، دەستم ، پێم ، ئەژنۆو سەرم دەیاندا لە بەردەکان‌و هەر بۆم نەدۆزرایەوە . وەك کوێر دەستم بە گۆڕەکاندا دەهێنا ، بەردو ، خاچ‌و شیشی ئاسن‌و ئێکلیلی شووشەو گوڵم دەناسیەوە ، بە پەنجە ناوەکانم دەخوێندەوە . بەڵام چۆن شەوێکە ، چۆن شەوێکە ! نەمدۆزیەوە .

مانگ لە ئاسماندا نەبوو ! چۆن شەوێکە ! ترس دایگرتم ، ترسێکی کوشندە لەم ڕێچکە تەسکانەدا ، لە نێوان دوو ڕیز گۆڕدا ! گۆڕ ، گۆڕ ، هەموولا هەرگۆڕ ! لای ڕاست ، چەپ ، بەردەم ، پاشەوە ، چوار دەور ، هەموو جێگەیەك هەر گۆڕبوو . ئەژنۆم دەلەرزی ، هێزی ڕۆیشتنم نەما ، لەسەر گۆڕێك دانیشتم . گوێم لە ترپەی دڵم بوو ، گوێم لە شتێکی تریش‌بوو ـ دەنگێکی تێکەڵاوی نەناسراو ! تۆ بڵێی ئەم دەنگە لە مێشکە ترساوەکەمەوە ، یان لە شەوی خامۆش یا خود لەژێر زەمینەوە هەڵبقوڵێت ! چاوم بە چوار دەورمدا گێڕا . چەند

ەرێ! مامەوە ، نازانم ! ترس بێگیانی کردبووم ، مەست بووبووم ، وەخت بوو بقیژێنم ، بمرم . لەپڕێکدا هەستم کرد ئەو ەوحە مەڕمەڕەی لە سەری دانیشتووم دەجوولێتەوە .

یەمەلەدا نەچووبووم ، وەك یەكێ لەژێرەوە پاڵی پێوە بنێ دەجوولایەوە . بە پڕتاو خۆم هەڵدایە سەر گۆڕێکی‌تر . بەڵێ ، بینیم ئەو بەردەی هەر ئێستا بەجێم هێشت ڕاست بووەو مردوویەك دەرکەوت کە بریتی بوو لە پەیکەرێکی ڕووت و بە پشتە چەماوەکەی پاڵی بە بەردەکەوە دەنا . بینیم ، جوان بینیم ، گەرچی شەو لە گۆڕ تاریکتربوو ، لەسەر خاچەکە نووسرابوو : لێرەدا ژاك ئولیڤان ڕاکشاوە کە لە تەمەنی پەنجاو یەك ساڵیدا کۆچی دوایی کردوو ، پیاوێکی چاك‌و دەستپاك‌بوو ، خێزانەکەی خۆش دەویست ، لە ژێر ڕەحمەتی یەزداندا گیانی سپاردووە .

پیاوە مردووەکە ئەم وشانەی خوێندەوە کە لەسەر گۆڕەکەی نووسرابوو ، ئینجا بەردێکی تیژی بچووکی لە سەر ڕێگەکە هەڵگرت‌و دەستی کرد بە کوژاندنەوەیان . کە لێبووە بە گۆشەی چاوە بۆشەکانی سەیرێکی ئەو چاڵەی کرد کە تا ساڵێك لەوەو پێش تێدا ڕاکشابوو و بە نووکی ئێسقانێك کە ڕۆژی لە ڕۆژان پەنجەی شایەتمانی بووە وەك بە دەنکە شقارتە لەسەر دیوار بنووسێ ئەم وشانەی نووسی : لێرەدا ژاك ئولیڤان ڕاکشاوە کە لە تەمەنی پەنجاو یەك ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە . بە هۆی نەسرەوتی خۆیەوە بووە هۆی مەرگی ناوەختی باوکی کەحەزی دەکرد میراتی‌یەکەی بۆ بمێنێتەوە . ئەشکەنجەی خێزانەکەیی دەدا ، ئەشکەنجەی منالەکەیی دەدا ، فێڵی لە دراوسێکانی دەکردو بیتوانیایە دزی دەکرد . مرۆڤێکی بەدفەڕبوو .

مردووەکە کە نووسینەکەی تەواوکرد ، پێکەنینی بە خۆی دەهات . کاتێ ئاوڕ دەدەمەوە دەبینم هەموو گۆڕەکان کراونەتەوەو مردووەکان هاتوونەتە دەرەوەو هەموو نووسینی سەر گۆڕەکانیان کوژاندۆتەوە کە کەسوکاریان نووسیویانەو خەریکی نووسینی ڕاستی‌یەکەین . بوم دەرکەوت نووسراوی سەرگۆڕەکان فڕی بەڕاستی‌یەوە نیە ، ومردووەکان هەموویان دەست پیس‌و ساختەچی‌و درۆزن‌و فێڵبازو بەخیل و عەیبدارو پیس بوون . هەموویان دزی‌و تەڵەکەیان کردووەو چی کاری ناشیرین‌و شەرمەزاری‌یە لێیان وەشاوەتەوە . بەڵێ هەموویان ، ئەم باوکە چاکانە ، ئەم هاوسەرە دڵسۆزانە ، ئەم کوڕە پەرستراوانە ، ئەم کارەکەرە ئەمینانە ، ئەم بازرگانە سەر ڕاستانە ، ئەم ژن‌و پیاوانە کە گوایە هەرگیز پێیان خوار دانەناوە !

هەموو خەریکی نووسین بوون ، لەو لانەی نەمری‌یەیانەوە ئەو ڕاستی‌یە ڕەق‌و ترسناك‌و پیرۆزانەیان دەنووسی کە کەسانی ئەم دنیا لێی بێخەبەرن یان خۆیان وادەردەخەن ئاگایان لێی‌نەبێ .

وتم ئێستا ڕەنگە ئەویش لە گۆڕەکەی ڕاست بووبێتەوە ، بۆیە بێ‌ترس بە ناو گۆڕەکاندا ، بەناو لاشەو پەیکەرەکاندا کەوتمە گەڕان ، دڵنیابووم دەیدۆزمەوە . لە دوورە دەموچاوە لە کفن پێچراوەکەیم ناسیەوە . خاچە مەڕمەڕەکەی کە لەوەو پێش لێی نووسرابوو « خۆشی‌دەویست ، خۆش ویسترابوو ، مرد » ئێستا ئەمەی لێنووسرابوو : « ڕۆژێکیا بۆ خەڵەتاندنی دڵدارەکەی چووە دەرەوە ، بارانبوو ، سەرمای بوو ،مرد . »

دوایی دەرکەوت دەمەو بەیان بە بووراوەیی لە نزیك گۆڕێکەوە دۆزراومەتەوە .

*** *** *** ***

**لەم کتێبەوە وەرگێراوە :**

88 SHORT STORIES BY GUY DE MAUPASSANT, LONDON 1954, PP 792 — 797